

لە نائامادەیی(غیاب) نەسر حامد ئەبو زەید:

# دڵدانەوەی بیرکردنەوە

# لە سەردەمی تەکفیردا نابێت

د. خالد عزیز جابر



له ته‌مه‌نی نزیك شه‌ست و حه‌وت سالیدا بیرمه‌ندی ناوداری میسری(نه‌سر حامد ئه‌بوزه‌ید) به نه‌خۆشیه‌كی كوشنده، دوای سی هه‌فته له‌هۆش خۆچوون و بێئاگابوون كۆچی دوایی كرد. نه‌سر حامد ئه‌بوزه‌ید كه له سالانی نه‌وه‌ده‌كانی سه‌ده‌ی رابردوودا به‌هۆی فشاری ته‌كفیركردن و جیاكردنه‌وه‌ی له‌هاوسه‌ره‌كه‌ی له‌سه‌ر راوبۆچوونه‌كانی ولاتی خۆی جێهێشت، سوور بوو له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی له‌گوندی(قه‌حافه)ی پارێزگای(غه‌ربیه) له‌نیو كه‌س و كاریدا ته‌رمه‌كه‌ی بنێژرێت.

ئه‌بوزه‌ید تووشی ڤایرۆسێكی نادیار هات و دكتۆره ئیبتیهالی خێزانی نهێنیی نه‌خۆشیه‌كه‌ی شاردەوه، وه‌ك ئه‌وه‌ی بیه‌وێت دواین رۆژه‌كانی ته‌مه‌نی به ئارامی بگوزه‌رێنێت، دوای ئه‌وه‌ی سالانیكی زۆری ته‌مه‌نی له كێشه و چه‌ندوچووندا به‌سه‌ربرد، به‌لام كه‌سانیكی نزیك له‌و به رۆژنامه‌ی (قه‌به‌س)یان راگه‌یاند كه له‌سه‌فه‌ره‌كه‌یدا بۆ ئه‌نده‌نووسیا تووشی ڤایرۆسێكی كوشنده هاتووه، ڤایرۆسه‌كه‌یش هێنده ترسناك بووه كه چاره‌سه‌ر نه‌كراوه و بووه‌ته هۆكاری مردنی.

دواین كێشه‌ی ئه‌بوزه‌ید رێگری بوو له چوونی بۆ كوه‌یت له‌مانگی دیسه‌مبه‌ر ، كه ئه‌وه‌یش زۆر نیگه‌رانی كرد، چونكه پێیوابوو ئه‌و بریاره له ئاستی مێژووی هزریی ئه‌ودا نییه و گه‌رایه‌وه ولاته‌كه‌ی، به‌و روداوه ئه‌بوزه‌ید جارێكی تر هاته‌وه پێشه‌وه‌ی رووداوه رۆشنبیریه‌كانی میسر و ولاتانی عه‌ره‌بی.

نه‌سر حامد ئه‌بوزه‌ید له (١٠ی ته‌موزی ١٩٤٣) له یه‌كێك له‌گونده‌كانی (ته‌نتا)ی سه‌ر به پارێزگای(غه‌ربیه) له‌دایكبووه و له خانه‌واده‌یه‌كی ساده‌ی گوندنشیندا په‌روه‌رده بووه. به‌هۆی لاوازیی باری دارایی خانه‌واده‌كه‌یه‌وه، سه‌ره‌تا نه‌یتوانیوه ئاماده‌یی ته‌واو بكات و بچێته زانكۆ، بۆیه سالی ١٩٦٠ به‌شی بێته‌ل "لاسلكیی" ئاماده‌یی پیشه‌سازی ته‌واو كردووه. سالی ١٩٧٢ به‌پله‌ی ئیمتیاز به‌شی زمان و ئه‌ده‌بی عه‌ره‌بیی له‌زانكۆی قاهیره ته‌واوكردووه و سالی ١٩٧٦ له هه‌مان زانكۆ و به هه‌مان پله ماسته‌ری له لێكۆلینه‌وه ئیسلامیه‌كاندا به ده‌ستهێناوه و دواتریش له سالی ١٩٧٩ دا دكتۆرای به پله‌ی" شه‌ره‌ف" له هه‌مان بابه‌تدا وه‌رگرتووه.

* ره‌وتی زانستیی

نه‌سر حامد ئه‌بوزه‌ید چه‌ندین كار و ئه‌ركی به‌جێگه‌یاندووه:

* ته‌كنیكاری بێته‌ل(لاسلكی) له ده‌زگای گشتیی میسر بۆ په‌یوه‌ندیه بێته‌ل و ته‌لداره‌كان( ١٩٦١-١٩٧٢).

* موعید له به‌شی زمان و ئه‌ده‌بی عه‌ره‌بی كۆلێژی ئاداب، زانكۆی قاهیره.

* مامۆستای یاریده‌ده‌ر له كۆلێژی ئاداب زانكۆی قاهیره( ١٩٧٦).

* مینحه‌یه‌كی خویندن له‌ده‌زگای فۆرد بۆ لیكۆلینه‌وه له‌زانكۆی ئه‌مریكی له قاهیره (١٩٧٦-١٩٧٧).

* مامۆستا له‌كۆلیژی ئاداب زانكۆی قاهیره (١٩٨٢).

* مامۆستای یاریده‌ده‌ر له كۆلێژی ئاداب، به‌شی زمان و ئه‌ده‌بی عه‌ره‌بی زانكۆی قاهیره له خه‌رتووم (١٩٨٣-١٩٨٧).

* مامۆستای یاریده‌ده‌ر كۆلێژی ئاداب له زانكۆی قاهیره (١٩٨٧).

* مینحه‌یه‌ك له نێوه‌ندی لێكۆلینه‌وه‌كانی خۆرهه‌لاتی ناوه‌راست، زانكۆی پێنسلڤانیا (١٩٨٧ - ١٩٨٠).

* مامۆستای كۆلیژی ئاداب زانكۆی قاهیره (١٩٩٥).

* خه‌لاتی عه‌بدولعه‌زیز ئه‌هوانی بۆ زانسته‌مرۆییه‌كان له‌زانكۆی قاهیره (١٩٨٢).

* مامۆستای میوان له‌زانكۆی ئۆساكای ژاپۆنی بۆ زمانه بیانیه‌كان (١٩٨٥-١٩٨٩).

* مه‌دالیای شایسته‌یی رۆشنبیری له‌لایه‌ن سه‌رۆكی كۆماری تونس (١٩٩٣ ).

* مامۆستای میوان له‌زانكۆی لیدن هۆله‌ندا له سه‌ره‌تای مانگی ئۆكتۆبه‌ری (١٩٩٥).

* خه‌لاتی یه‌كیتی نووسه‌رانی ئه‌رده‌ن بۆ مافه‌كانی مرۆڤ (١٩٩٦).

* كورسیی كلیفرینخا بۆ لێكۆلینه‌وه مرۆییه‌كان

- کورسیی یاسا و بەرپرسیاریتی و ئازادیی راوبۆچوون و بیروباوەڕ- لە زانکۆی لیدن لەسەرەتای ئەیلوولی (٢٠٠٠) وە.

* مەدالیای "ئازادیی خواپەرستن" لە دەزگای الی انور و تیۆدۆر رۆزفلت (٢٠٠٢).

* کورسیی ئیبن روشد بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیسلام و هیومانیزم، زانکۆی لێکۆڵینەوە هیومانیەکان لە ئۆتریخت هۆڵەندا (٢٠٠٢).

* کاتێک چەندین توێژینەوەی کرد بۆ بەدەستهێنانی پلەی پرۆفیسۆری، لیژنەیەك پێکهێنرا لە مامۆستایان: عەبدولسەبوور شاهین کە لە راپۆرتەکەیدا ئەبوزەیدی بە کوفر تۆمەتبار کرد و ئەو کێشە گەورەیەی لیکەوتەوە، بووە هۆی جێهێشتنی خاك و زێدی، دوای چەند هەفتەیە، لە وەرگرتنی پلەی پرۆفیسۆری.

* هەریەك لە دکتۆر محەمەد بلتاجی و دکتۆر ئەحمەد هەیکەل و دکتۆر ئیسماعیل سالم چوونە بەرەی دکتۆر عەبدولسەبوور شاهینەوە و لە وەڵامی نەسر حامد ئەبوزەیدا کتێبێکیان نووسی کە تیایدا تەئکیدیان لە کافربوونی ئەو کردەوە.

* لە گرنگترین کارەکانی ئەبوزەید:

١/ ئاراستەی عەقڵگەرایی لە راڤەکردنا (لێکۆڵینەوەیەك



لە دۆزی "مەجاز" لە قورئاندا لای موعتەزیلەکان) کە نامەی ماستەرەکەی بوو.

٢/ فەلسەفەی تەئویل (لێکۆڵینەوەیەك لە تەئویلکردنی قورئان لای ئیبن عەرەبی) کە نامەی دکتۆراکەی بوو لە زانکۆی قاهیرە.

٣/ چەمکی دەق، لێکۆڵینەوەیەك لە زانستەکانی قورئان.

٤/ تەڵزگەکانی خوێندنەوە و میکانیزمەکانی تەئویلکردن (کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا بڵاو کراونەتەوە).

٥/ رەخنە لە وتاری ئاینی.

٦/ ژن لە وتاری قەیراندا (دواتر وەك بەشێك لە بازنەکانی ترس چاپکرا).

٧/ ئەلبۆشیدۆ (پیشەکی و وەرگێرانی نەسر حامد ئەبوزەید).

٨/ خەلافەت و دەسەڵاتی گەل و نەتەوە (عەزیز نسی لەتورکیەوە وەریگێراوە) و (پێشەکی و لێکۆڵینەوەی ئەبوزەید).

٩/ دەق، دەسەڵات، هەقیقەت (کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و وتارە لە ساڵانی پیشووتردا بڵاو کراونەتەوە).

١٠/ بازنەکانی ترس، خوێندنەوە بۆ وتاری ژن (بابەتی ژن لەوتاری قەیرانیش لەم کتێبەدایە).

١١/ وتار و تەئویل (چەند لێکۆڵینەوەیەکە پێشەکیی کتێبی خەلافەت و دەسەڵاتی گەل و نەتەوەیشی تیدایە).

١٢/ بیرکردنەوە لە سەردەمی تەکفیردا (کۆکردنەوە و پێشەکی ئەبو زەید کە لەبارەی جیاکردنەوەی بوو لە هاوسەرەکەی و کاردانەوەکانی).

١٣/ کورت و پوخت لە بارەی دۆزی ئەبوزەیدەوە (کە ئەمیش لەبارەی جیاکردنەوەیەتی لەهاوسەرەکەیەتی).

١٤/ ئیبن عەرەبی وای وت (توێژەر لەم بابەتەدا پێداچوونەوە بە لێکۆڵینەوەکەی پێشوویدا دەکات لەبارەی ئیبن عەرەبیەوە).

١٥/ ئیمامی شافیعی و دامەزراندنی ئایدیۆلۆژیای میانڕەوی.

**سەرچاوە/ رۆژنامەی منارات ژمارە (١٨٤٣) ی ساڵی ٢٠١٠**